

# پێنجوین پێویستی بە پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان هەیە

- بەشێکی زۆر لەخانووەکانی پێنجوین بێ تاپۆن
- زۆرترین گلەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە
- ٢٠٪ی کێڵگەکانی مین پاککراونەتەوە
- گەشتوگوزارو شوێنەوارەکانی پێنجوێن پشتگوێ خراون





پێنجوێن لە سەرەتایساڵانی پەنجاکانەوە بۆتە قەزاو ناحیەکانی گەرمك و ناڵپارێز و ١٧٥ گوند لەخۆ دەگرێت و لەو ژمارەیەش ١٣١ گوند ئاوەدانکراونەتەوە، ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکە بەگشتی ٤٠ هەزار کەسە و خەڵکی سنوورەکە و گوندەکان بەتایبەتی بەکاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات خەریکن، قەزای پێنجوین یەکێکە لە قەزا گرنگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بەحوکمی ئەوەی مەرزی نێودەوڵەوتی باشماخی لێیە و دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ شاری سلێمانی لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەشتیارانەوە لە خاڵە سنوورییەکان هەندێك لە دانیشتووانەکەی بەتایبەتی گوندەکانی نزیك سنوور کارو کاسبی دەکەن. لەبەر نزیکی سنووری ئەم قەزایە بە سنووری ئێرانەوە هەر لە سەرەتای شەڕی عێراق — ئێران لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن حزبی بەعس ڕووخێنراو ژێرخانیشی تێکدرا و خەڵکەکەشی راگوازرایەوە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ دانیشتووانی سنوورەکە گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باووباپیرانیان و قەزاکە ئاوەدانکرایەوە، بەڵام لەبەر بەرفراوانی شارۆچکەکە کەموکوڕی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەرچاو دەکەوێت و پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، گۆڤاری گوڵان هاووڵاتیانی ئەم قەزایەی بەسەرکردەوەو هەر یەکەیان لەبوارێکی خزمەتگوزاریی سەرەکی و پێویستی وەکو ئاوو ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو کەمی داوودەرمان و کەمی مامۆستای وانە زانستییەکان گلەیی و ڕەخنەیان هەبوو، ئەو داواکاری و ڕەخنانەی کە هاووڵاتیان باسیانکرد ئاڕاستەی (ڕەزا محەمەد) قایمقامی قەزای پێنجوینمان کرد، لەم ڕاپۆتەدا پوختەی داواکاری هاووڵاتیان و وەڵامی پرسیارەکانی قایمقامی قەزای پێنجوین دەخەینەڕوو.

## هاووڵاتیانی پێنجوین:
## پێویستە گرنگی زیاتر بە پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاو و کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان بدرێت

سەرەتا لەگەڕەکی پێنجوینی کۆن ئەحمەد عەلی سەبارەت بەکەموکورتی لایەنە خزمەتگوزارییەکان وتی: لەزۆربەی لایەنە خزمەتگوزارییەکان کەموکوڕیمان هەیە بەتایبەتی لەلایەنی کۆڵان و شەقامەکاندا زۆر خراپ و بێسەروبەرە و پێویستە قیرتاو و کۆنکرێت بکرێن، ئەمەو لەبواری پەروەردە ئەم هاووڵاتییە گلەیی لەدووری قوتابخانە لەگەڕەکەکەیانەوە دەکات و پێی وابوو منداڵەکانیان لەوەرزی خوێندن بەهۆی دووری قوتابخانەکە لە گەڕەکەکەیانەوە ماندوو بێزاردەبن. هەر لەهەمان گەڕەك ئافرەتێك بەناوی ناسك حەمەدەمین وتی: سەرەڕای ئەوەی ئاویخواردنەوەمان بەپێی پێویست نییە، ئاوەکەش لە کانییەوە بەبێ ئەوەی حەوزی گلدانەوەی هەبێت بۆمان دابینکراوە، هەندێ جار دەبینین لەناو ئاوەکە زیندەوەری پیس و زیانبەخشی تێدایە کە مەترسی ژەهراویبوون و نەخۆشی ترسناکی لێ دەکرێت و لەڕووی دەروونیشەوە لەناو خەڵکەکە دڵەڕاوکێیەکی زۆری دروستکردووە، داواکارین ئەو کێشەو گرفتە چارەسەر بکەن و حەوزێك لەبەردەمی ئاوەکە دروست بکەن. سەبارەت بەخراپی شەقام و کۆڵانەکانیش هاووڵاتی عوسمان مەجید وتی: هەندێك لە گەڕەکەکانی سەنتەری قەزای پێنجوین شەقام و کۆڵانەکانیان بێسەروبەرەو پێویستیان بە چاککردن و قیرتاو کۆنکرێت و شۆستەیە، لەلایەکی تر بەشی زۆری شارۆچکەکەو گەڕەکەکان ئاوەڕۆیان نییە و خەڵکەکە لەوەرزی زستاندا ڕووبەڕووی کێشەی ئاموشۆکردن دەبنەوەو کۆڵانەکان سەرتاپای دەبێتە قوڕولیتەو پیسی و لەوەرزی هاوینیشدا بۆنی پیسی جۆگەلەی ئاوی ناو کۆڵانەکان خەڵك هەراسان دەکات، هەر سەبارەت بەم گرفتە چەند هاووڵاتیەك زیاتر لەمبارەیەوە وتیان :( لەبەر ئەوەی ئاوەڕۆکە بەرفراوان نییە و دەگیرێت و بەشێکی کۆڵانەکانیش بێ ئاوەڕۆن، هەربۆیە بەدروستکردنی چەند ئاوەڕۆیەکی بچووك گرفتەکە چارەسەر نابێت، پێنجوێن پێویستی بەئاوەڕۆیەکی گەورەو بەرفراوان هەیە). گرفت و کێشەی ئاویخواردنەوە بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما رووی لەزیادبوون کردووە لەمبارەیەوە هاووڵاتی کوردە عەلی لەگەڕەکی ئەلیاسەفرە وتی: کێشەی کەمی













ئاویخواردنەوەمان هەیەو ڕۆژێك نارۆژێك چەند کاتژمێرێك ئاو دێت. هاووڵاتییەکی تر بەناوی خالید حەمید سەبارەت بەکێشەی بێ تاپۆی خانووەکان وتی: بەشێکی زۆر لەخانووەکانی قەزای پێنجوین بێ تاپۆن، هاوکات لەکاتی ئەوەی کەداوا لەلایەنی پەیوەندار وەکو شارەوانی دەکەین کە خانوو دروست بکەین پێمان دەڵێن برۆن بۆ خۆتان بیکەن بەبێ ئەوەی مامەڵەی مۆڵەت پێدان و ڕێنمایی و مەرجەکانمان بۆ دیارو پیادە بکەن، بەمشێوەیە زۆر لە خانووەکان دەبنە زێدەڕۆیی و لە دیزاین و نەخشە دەچنە دەرەوە، لەلایەکی تر کۆڵانەکان زۆر بەرزی و نزمی تێدایە و من کۆڵانەکەی خۆمانم تا پێش پەرتوکخانەی گشتی ڕێك و چەوڕێژم کردووە. لەگەڕەکی حەسەنئاوا هاووڵاتییەك بەناوی مەولود بایز وتی: شارەوانی بەپێی پێویست و ڕۆژانە زبڵوخاشاك کۆناکەنەوە، هەر بۆیە خەڵکەکە زبڵوخاشاکەکانیان فڕێدەدەنە ناو گۆڕەپان و زەوی بەتاڵ و ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بۆنی ناخۆش و بڵاوبوونەوەی مێش و مەگەز، لەلایەکی تر من خانوویەکم بەهاوکاری خێرخوازان دروستکردووە و ستوونێکی کارەبا کەوتۆتە ناو حەوشەکە و بۆمان ناگوازنەوە، ئەم هاووڵاتییە سەبارەت بەخراپی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەگوندەکان پێی وابوو لەبەری نەبوون و خراپی ئاوو ڕێگاوبان و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی چەندین گوند لەسنوورەکە چۆڵی دەکەن یان هەر ئاوەدان نەکراونەتەوە و گوند هەیە ئێستاکە تەنیا دوو یا یەك ماڵی لێ ماوە. هاووڵاتیەکی تر لەگەڕەکی بەرباخ بەناوی ڕەحیم حەمە عەزیز داوای ئاوڕلێدانەوەی زیاتری حکومەت بوو ئەو پێی وابوو لە پێنجوێن چەندین کارو ئیشی باش کراوە بەڵام بەپێی پێویست و کاولکاری قەزاو سنوورەکە نییە، بۆیە پێویستمان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر و باشترو جیدی تر هەیە بەتایبەتی لەبواری تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان و ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆوە، چونکە داودەرمان لەنەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی کەمە و پزیشکی پسپۆڕیش لە پێنجوین نییە و مامۆستای وانە زانستییەکان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی و ئامادەیی بەپێی پێویست نییە. ئاری حوسێن کە قوتابی قۆناغی ١١بوو سەبارەت بە گرفتی کۆنی بینایەی قوتابخانەکان وتی: بینایەی قوتابخانەکەمان کۆنەو لەوەرزی زستانان لەبەر نەبوون و کەمی سووتەمەنی زۆر سارده و هەندێ وانە مامۆستای کەمە و لەلایەنی وەرزش و سەنتەری لاوانیشەوە کەموکوڕییەکی زۆر لە قەزاکەمان هەیە بۆیە وەکو گەنجێك داواکارم وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای وەرزشی و لاوان و گۆڕەپانی تاتان و بچووککراوە بەپێی پێویستی دانیشتوانی قەزاکەو سنوورەکە دروست بکات.

### پەسەندکردنی ماستەرپلانی پێنجوین لەسەر یەك واژۆ ماوەتەوە

سەبارەت بەوەی کە هەموو شارو شارۆچکەیەك پێویستی بە نەخشەو ماستەرپلان هەیە و ئەمەش زیاتر لەکاتی بەرفرەوانبوون و کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کاریگەری دەردەکەوێت قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: بەر لە سێ ساڵ کۆمپانیایەکی ئەلمانی ماستەرپلانی قەزای پێنجوینی ئەنجامداوە و لیژنەی تایبەتی بۆ بەدواداچوون و وردبینی و پەسەندکردن بۆ دروستکراوە و لەوەزارەتی شارەوانی لەسەر یەك واژۆ ماوەتەوەو تائێستاکە پەسەند نەکراوە، لە ماستەرپلانەکەدا حیسابی گەشەکردنی شارۆچکەکە بۆ ماوەی ٢٥ساڵی تر کراوە و ناوچەی پیشەسازی و نیشتەجێبوون و هەموو شوێنە خزمەتگوزارییەکان دیارو جیاکراوەتەوە، بەپەسەندکردنی ماستەرپلانەکە کارو پڕۆژەو گەشەکردنی قەزاکە زۆر باش و ڕێکوپێك و ئەندازەی و کەم کێشەو گرفت دەبێت، قەزای پێنجوین بەشی باشوورو ڕۆژهەڵاتی شاخاوییە بۆیە گەورەو بەرفرەوانبوونێکی زۆری بەرەو باکوورو ڕۆژئاواوە بەخۆوە بینیووە، چونکە بەم دوو ئاڕاستەوە دەشتێکی پان و بەرینی هەیە.



## ڕەزا محەمەد قایمقامی قەزای پێنجوین :

# خراپی ڕێگاوبانەکە وایکردووە کەمتر کار لە بواری گەشتیاری بکرێت

**ئاوی پێنجوێنی سەرەوە خاوێن نییەو هەندێك جار لەناو ئاوەکە زیندەوەری پیس و زیانبەخشی تێدایە**

هەر لەبەر ئەم بەرفرەوانبوونەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەیە کە بەبەردەوامی پێویستی بە کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەیە و حکومەتی هەرێمیش ساڵانە بەپێی بەرنامەو پلان و ئەولەویەت و پێویستی خەڵکەکە کارو پڕۆژەی جۆراو جۆری ئەنجامداوە، گەرچی ئێستا کوژاندنەوەی زەوی کشتوکاڵی قەدەغەکراوە و ناتوانرێت زەوی کشتوکاڵی کوژاندنەوەی بۆ ئەنجام بدرێت و بەناو شارەوانی بکرێت، تەنیا بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە نەبێت، بەڵام ئەو ساڵ هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵداوە و داوامانکردووە چەند پارچە زەویەك کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ٥٠٠دۆنم دەبێت کە دەستهەڵگرتنی بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە زەوییەکان بەناوی وەزارەتی داراییەوەیە، بەڵام جۆری ئەو پارچە زەویانە هەر کشتوکاڵییە و بەلای باکووری شارۆچکەکەیە و بەتەواو بوونی مامەڵەکەو دەستهەڵگرتن لەم زەویانە گەشەکردنێکی زۆرتر بە پێنجوین دەبینرێت بەتایبەتی لەڕووی نیشتەجێبوونەوە ئەوەیش بە دروستکردنی پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونە لەڕێگای وەبەرهێنەوە نەك بە ڕێگای زەوی دابەشکردن بەسەر هاووڵاتیانەوە. هاوکات لە پێنجوین کێشەیەکی زۆری تاپۆ نەکردنی خانووی هاووڵاتیانمان هەیە و چەند ڕێگریەکی یاسایی لەمبارەوە هەیە، بۆیە پێویستە لەپەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە یاسایەکی تایبەت دەربچێت.

### لەهێڵی بومەلەرزە نزیکەو بنکەی بومەلەرزەی نییە

قەزای پێنجوین لە هێڵی بومەلەرزەوە نزیکە و بۆ پێشبینیکردنی ڕوودانی بومەلەزە پێویستە فەرمانگەو ئامێری تایبەتمەندو هاوچەرخ هەبێت تاوەکو بتوانرێت ئامادەکاری بۆ پاراستنی هاووڵاتیان دەستەبەر بکرێت لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: ساڵی ڕابردوو بومەلەرزەیەك بە گوڕی ٤،٢پلەی ڕێختەر بەدووری ١٥کیلۆمەتر لە شارۆچکەی پێنجوینی دا و ئەمەش هێزێکی کەمبوو و خۆشبەختانە هیچ زیانێکی ماددی و گیانی نەبوو، لەلایەکی تر هەرچەندە بنکەیەکی تایبەت بە کەشناسی لە پێنجوین هەیە، بەڵام بۆ پێشبینیکردنی بومەلەرزە پێویستە بنکەیەك یا فەرمانگەیەك لە پێنجوین دابمەزرێت.

### چەندین پڕۆژەی قیرتاو شۆستە لەژێر جێبەجێکردن دایە

سەبارەت بەوەی کە هاووڵاتیانی قەزاکە گلەیی و گازندەیەکی زۆریان لەسەر خراپی و قیرتاو و کۆنکرێت نەکردنی کۆڵان و شەقامەکان هەبوو و داوایان وابوو ئەو کارو پڕۆژانەیان بۆ لەڕیزبەندی یەکەمی بەرنامەو پلانەکانی ئەمساڵ دابنرێت لەمبارەشەوە قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: ئێستاکە ئێمە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەبواری قیرتاو و کۆنکرێتکردن و شۆستە بۆ شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەرو گەڕەکەکانی قەزاکە لەبواری جێبەجێکردنە، یەکێك لەو پڕۆژانە قیرو شۆستەیە بۆ گەڕەکی کانی مینا و قوڕەڕەشە کە بڕی یەك ملیارو حەفت سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، پڕۆژەی دووەمان شۆستەو قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکی ڕزگاریە و ئەم پڕۆژەیەش ٩٤٥ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە و ئێستاکە لە ژێر ئەنجامدانە، هەروەها پڕۆژەیەکی تر کە پاش چەند ڕۆژێکی تر دەکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە کە ئەویش دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی بۆ کۆڵان و شەقامەکانی پێنجوینی سەرەوە کە ئەمەش بڕی بودجەی پێویستی بۆ تەرخانکراوە، جگە لەم پڕۆژانە دوو پڕۆژەی ترمان هەیە کە ئامادەن کە سێ ملیار دنیاریان بۆ دانراوە و ئەم پڕۆژانەش قیرتاو و شۆستەی گەڕەکەکانی ئەلیاسەفەو گوبانە و بەرنامەیەکمان هەیە هەر گەڕەکێك لەساڵانی ڕابردوو ئاوەڕۆ و پڕۆژەی تری ژێرزەویان تەواو کرابێت ئەوە کۆڵان و شەقامەکانیشیان لەم ساڵ و ساڵانی داهاتوو شۆستەو قیرتاویان بۆ دەکەین. بەتەواو بوونی ئەو کارو پڕۆژانەی لەبواری شۆستەو قیرتاو

باسمانکرد ئەوە گەڕەکەکانی سەنتەری قەزای پێنجوین لە٩٠٪ی کێشەی شۆستەو قیرتاویان چارەسەر دەبێت. هەروەها لەتەوەرەیەکی تردا قایمقامی قەزای پێنجوین لەبارەی ئاوەڕۆوە ئاماژەی بەوەدا کە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێم کێشەی سەرەکیمان جگە لە پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆیە و چارەسەرکردنی ئەو ئاوەقوڕسەشە کە لە ئاوەڕۆیەکانەوە دەردەچێت و بۆ ئەمەش پێویستە بزانین ئاڕاستەی ئەو ئاوەڕۆیە بۆ کوێیە و ئاوەقوڕسەکە دەچێتە کوێ و لەزۆربەی شارو شارۆچکەکان ئاوەقوڕسەکە دەڕژێتە شوێنێك یا چەمێك یا کەندێکی نزیك شارۆچکەکە و لەئەنجامدا کاریگەری خراپ لەسەر ژینگەو تەندروستی هاووڵاتیانی سنوورەکە دروست دەکات بۆیە دانانی پاڵاوگە لەگەڵ ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاوەڕۆ بەیەکەوە زۆر پێویستە و کێشەکەش بەباشی و زانستی چارەسەر دەکات، لەم ڕووەوە نەك تەنیا ئێمە بەڵکو شارە گەورەکانیش هیچ پڕۆژەیەکیان بۆ نەکراوە.

## سیستەمی کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك کۆنە

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆڕزگارکردن لەزبڵوخاشاك کە کێشەیەکەو هاووڵاتیانی قەزاکەش لەسەر شێوەی کۆکردنەوەو گواستنەوەی زبڵوخاشاکەکە گلەییان هەیە، قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: تا ئێستا لەلایەن تیمەکانی شارەوانی ئەو کارو ئیشە ئەنجام دەدرێت و ئێمەش دەزانین کە سیستەمەکە کۆنەو کرێکارو کارمەندیشمان لەمبارەوە کەمەو بەپێی پێویستی قەزاو کارەکە نییە، بەڵام لەبەرنامەدایە کۆکردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لەزبڵوخاشاکەکە بەکەرتی تایبەت بدرێت، هەر کاتێك لەمبواردا کۆمپانیایەکی خاوەن ئەزموون و شارەزا کاری کرد ئەوە بەشێوەیەکی باش و هاوچەرخ پرۆسەکە بەڕێوەدەچێت و کۆڵان و گەڕەك و شارۆچکەکە بەگشتی پاکوخاوێن دەبێت و هاووڵاتیانیش گلەییان نامێنێت و هەر بەم شێوەیە ژینگەی قەزاو سنوورەکە تاڕادەیەکی باش دەپارێزرێت و لەم کارەشدا ئێمەو شارەوانی چاودێرو هاوکارێکی باشی کەرتی تایبەت دەبین، دەبێت هاووڵاتیانیش لەگەڵ تیمەکانی پاککردنەوەو گواستنەوەی زبڵوخاشاك چ کەرتی گشتی بێت چ کەرتی تایبەت بێت هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ بەرژەوندی تەندروستی خۆیان و جوانی پاراستنی سیمای گەڕەك و شارۆچکەکە.

## نەبوونی کۆگای گلدانەوەی ئاو

سەبارەت بەوەی قەزاکە بەردەوامە لەبەرفرەوانبوون و هاووڵاتیانیش گلەییان لە کەمی ئاویخواردنەوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتە کە بەشێکی گرنگە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: کێشەی کەمئاوی بەهۆی فراوانبوونی قەزاکەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە ڕوودەدات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بوارەش ساڵی ڕابردوو ٥بیری ئاومان لە شوێنی جیاجیای ناو قەزاکە هەڵکەندوەوە و کەمترین کێشەیی تۆڕی ئاویخواردنەوەمان هەیە، بەڵام کێشەی کەمی کۆگایی گلدانەوەی ئاومان هەیە، هەر بۆیە ئەمساڵ بڕی ٧٠٠ملیۆن دینارمان بۆ دروستکردنی چەند کۆگایەکی ئاویخواردنەوە بە قەبارەی ٣٠٠مەتر سێجا تەرخانکردووە. بەم پڕۆژەیەش کێشەی گەیشتنی ئاویخواردنەوە بۆ گەڕەك و ناو ماڵەکان زۆر کەم دەبێتەوە.

## کێشەی سەرەکی گوندەکان

سەبارەت بەکێشەی گوندەکان و کەمی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کە بۆتە هۆکارێکی چۆڵکردن و کۆچی گوندنشینەکان و ئاوەدان نەبوونەوەی چەندین گوندی سنوورەکەش قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: کێشەی گوندەکان بە پلەیی یەکەم خراپی و بێسەروبەری تۆڕی ڕێگاوبانەکانیانە و بەشی زۆری ڕێگای گوندەکان گڵ و پڕ تاسەو خراپە و هەر ئەم هۆکارەشە کەوایکردوە بەشێك لە گوندەکان بەرەوچۆڵبوون بڕۆن بۆیە بەبەردەوامی لە کارو پڕۆژەو پلانەکانمان داوای چاککردن و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکانی سنوورەکەمان کردووە و ئەو گوندانە بەشی زۆریان سنوورین و هەندێکیان مەرزیشی بەسەرەوەیە، بۆیە لێرەدا داواکارین کە حکومەت و لایەنی تری بەرپرس ئەو ڕێگایانە قیرتاو بکەن و ئەو ڕێگایانەی بە تێکەڵە ڕێگاکانیان بۆ دروستکراوە زۆر باش نییە لەبەر ئەوەی پاش یەك دوو ساڵ و بەهۆی بارانبارین ڕێگاکان تێکدەچن بۆیە تاکە چارەسەر بۆ ڕێگای گوندەکان قیرتاوکردنە و لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو سەرەڕای داواکاری بەردەوام و دانانی ئەو پرۆژانە لە ڕیزبەندی یەکەمی بەرنامەو پلانەکانماندا، بەڵام هیچ ڕێگایەکی گوندی سنوورەکە قیرتاو نەکراوە. هەروەها ئەمساڵیش لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمدا هیچ پڕۆژەیەکی قیرتاومان بۆ دانەنراوە، هەروەها کێشەی ئاویشمان لە گوندەکان هەیە و پڕۆژەشمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، ئێستا ئەو گوندانەی لەسنووری ناحیەی گەرمك کێشەی ئاویان هەیە بۆ ٧ گوندیان بیری ئاو هەڵدەکەنین.

## گلەیی خەڵك لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

سەبارەت بەو کارو پڕۆژانەی بۆ برەودان بەکەرتی کشتوکاڵ کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە سنوورەکە ئەنجامدراوە قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: ئێمە زۆرترین گلەییمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە، ئەم وەزارەتە تائێستاکە تەنانەت نەیانتوانیوەوە بینایەك بۆ فەرمانگەکەی خۆیان دروست بکەن و گەنجینەیەکیان دروست نەکردووە بۆ ئەوەی ئەو تۆیە باوەڕ پێکراوەی کە ساڵانە دێت تیدا هەڵیبگرن، بەڵکو دەچن بۆ ئەو مەبەستە خانووی هاووڵاتیان لەقەزاکە بەکرێ دەگرن، گەرچی دەبووایە وەزارەتی کشتوکاڵ بایەخ و گرنگیەکی زۆر تایبەتی بەو سنوورە بدایە، چونکە سنووری قەزای پێنجوین ناسراوە بەوەی کە ناوچەیەکی کشتوکاڵیە و ساڵانە بەرهەمێکی زۆری شووتی و تەماتەو پیازو چەندین جۆری تری سەوزەو میوە بەرهەم دێنێت، لەلایەکی تر لەسنوورەکەماندا چەند جۆگەلەیەکی کۆنکرێتی ئاودێری کراوە ئەمە مانای ئەوە نییە کە وەزارەت کارو پرۆژەی ئاودێری بۆ کردووین و ئێمە سێ ساڵە تەئکید لەوە دەکەینەوە کە بەنداو لەسنوورەکە بکرێتەوە کە یەکێکە لەو پڕۆژە گرنگ و پربایەخانەی ئاودێرییە بۆ خزمەتکردن و برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ لەسنوورەکەدا، چونکە سەرچاوەیەکی زۆر لە ئاو لە قەزای پێنجوین هەیە، هەروەها ئەو ساڵ لە پلان و بڕیاردابوو کە دیزاین و نەخشەسازی بۆ پڕۆژەی بەنداوی کانی سارد لەسەر چەمی نالپارێز بکرێت، گەرچی نازانم ئەو پڕۆژەیە لە بودجەی پەسەندکراوی ئەم ساڵ دانراوە یا هەر بێ ئەنجامە.

## خوێندکارە کچەکان واز لە خوێندن دێنن

سەبارەت بە کەمی بینایەی قوتابخانەو کێشەی پەروەردەو کەمی مامۆستاو میلاکات لەسنوورەکەدا قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: لەسەنتەری قەزاکەدا کێشەی بینای قوتابخانەمان نییە، بەڵام کێشەی کەمی مامۆستای پسپۆڕو وانە زانستییەکان و میلاکاتمان هەیە، بەتایبەتی لەسەرەتای دەست پێکردنی خوێندنەوە چەند مانگێکیش تێپەڕ دەبێت گرفتارین لە دەست نەبوونی هەندێ مامۆستای پسپۆڕی وانە زانستیەکان، هاوکات لە گوندەکانی سنوورەکەشدا لەبواری پەروەردەو قوتابخانەوە کێشەو گرفتی زۆر زۆرمان هەیە بەتایبەتی لەڕووی بینای قوتابخانەو نەبوونی قۆناغەکانی ٧و٨و ٩ی بنەڕەتی لە قوتابخانەکاندا کەئەمە یەکێکە لەبنەما سەرکییەکانی سیستەمی تازەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و هەر ئەمەش وایکردووە زۆر لەقوتابیان دوای قۆناغی ٦ی بنەڕەتی بەتایبەتی کچان بەناچاری واز لەخوێندن بێنن و نەبوون و کەمی مامۆستا لە هەندێ لەگوندەکان وایکردووە ئاستی خوێندن و فێرکردن و پەروەردە زۆر نزم بێت، هەربۆیە داوامانکردووە بە چەند گوندێکی نزیك یەك قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیان لەسەر شێوازی سیستەمی تازە و هاوچەرخ لێ دروست بکەن، بەڵام تائێستاکە داواکاری و ئومێدەکانمان بێ وەڵام و چارەسەربووە.



**پێنجوێن پێویستی بەئاوەڕۆیەکی گەورەو بەرفراوان هەیە**

**کرێکارو کارمەندی شارەوانیمان بەپێی پێویست نییە**

**ڕێگاوبانی هیچ گوندێکی سنوورەکە قیرتاو نەکراوە**

**گرفتی کەمی پزیشك و نەبوونی پزیشکی پسپۆر جۆراو جۆر و ئافرەتان و کادیری تەندروستیمان هەیە**

### بنکەی تەندروستی هەندێ لەگوندەکان داخراون

سەبارەت بەکەرتی تەندروستی قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: هەرچەندە لە سەنتەری قەزادا نەخۆشخانەیەکی گشتی ٥٠قەرەوێڵەیی هەیە، بەڵام گرفتی کەمی پزیشك و نەبوونی پزیشکی پسپۆر جۆراو جۆر و ئافرەتان و کادیری تەندروستیمان هەیە، هاوکات بۆ بنکەی تەندروستی گوندەکان پێویستمان بە چەند یاریدەدەرێکی پزیشکییە تاوەکو بتوانرێت تاڕادەیەك خزمەتی دانیشتوان و نەخۆشی گوندەکانی سنوورەکە بکەن، لەبەر کەمی یا نەبوونی کارمەند ئێستاکە بنکەی تەندروستی هەندێ لە گوندەکان داخراون، لەهەقیقەدا ئێستا ئەو بنکانە وەکو پێویست ناتوانن خزمەت بکەن.

### ئێستاکە کاری پاککردنەوەی مین لەسنوورەکە خێراتربووە

لەکۆتایدا قایمقامی قەزای پێنجوین ئاماژەی بەوەدا کە سنووری پێنجوین لەسەر ئاستی عیراقدا یەکێکە لەو سنوورانەی زۆرترین کێڵگە و ڕێژەی مینی تێدایە، هەرچەندە ماوەی چەندین ساڵە بەبەردەوامی کاری هەڵگرتنەوەی مینی تێدا دەکرێت، گەرچی تائێستاکە ٢٠٪ی کێلەگەکانی مین پاککراونەتەوە و پرۆسەی پاککردنەوە هەر بەردەوامە و ئێستا ئەو کارە لەڕێگای بەڵێندەرەوە پیادە دەکرێت، چونکە کارەکەش بەڕێگای میکانیکییە وەکو پێشتر بەدەست نییە، بۆیە کارو پرۆسەکە خێراترە و ئومێد دەکەین بەپێی ئەو پلانەی هەیە بۆ ماوەی ١٠تا١٥ساڵی تر تەواوی سنوورەکە پاکبکرێتەوە، هەروەها لە تەوەرەیەکی تردا وتی: داواکارین بۆ ئاسانکاری هاتوچۆو جموجوڵی بازرگانی و گەشتیاری ڕێگای نێوان پێنجوین – باشماخ بە جووت ساید بکرێت، لەلایەکی تر خراپی ڕێگاوبانەکە وایکردووە کەمتر کار لە بواری گەشتیاری لە سنوورەکەدا بکرێت، هەر لەمبارەوە ئێمە میوانخانەیەکمان لەسنووری گەشتیاری بلکیانەوە هەیە ماوەی سێ ساڵە هەوڵدەدەین وەبەرهێنێك بێت نۆژەنی بکاتەوە هەر لەبەر خراپی ڕێگاوبانەکە کەس نەهاتووە و میوانخانەکە وەکو خۆی ماوە، بەڵام بە ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری لە شوێنە گەشتیاریەکان زۆرترین گەشتیار نەك تەنیا لەوەرزی هاوین بەڵکو لەوەرزی زستانیش ڕوو لە سنووری قەزای پێنجوین دەکەن، هەر بۆ ئەو مەبەستە ئێستاکە ڕێگای سەرەکی بەلکیان تا سەرچاوەی ئاوەکەی قیرتاو دەکرێت، هەروەها بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی تری وەکو نۆبوك و سێکوان و سێچاکان کە دەکەونە ناوچەی و سنووری گوندی کێلوو ڕووپێومان بۆ زەویەکان کردووە و وێنەی تۆماری ئەو زەویانەمان بۆ گشتوگوزار ناردووە بۆ ئەوەی بەناوی گەشتوگوزار تۆمار بکریت و لەپاشان هەوڵدەدەین چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ ئەو شوێنانە ئەنجام بدرێت.